# چەپڵە بۆ فایلدارەکان

کاوە ئەمین

یەکێک لە دەستەکەوتە مەزنەکانی ڕاپەڕین و ڕوخانی ڕێژیمی بەعس بە تەواوەتی و لە گرێژنە بردنی دەستەڵاتی تۆتالیتاری عێراق، ئاشکرابوونی ئەو هەموو دیکۆمێنتە بوو کە پەردەی لەسەر ئەو هەموو تاوانەی کە بەدژی نەتەوەی کورد کرابوو، هەڵدایەوە، هەمانکات ئەو کەمە دیکۆمێنتانەی کە بڵاوبوونەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە ساڵانێک بوو بە ناوی شۆڕشگێڕییەوە لە چیا بوون و هەمانکاتیش وەکو سیخوڕ بۆ بەعس کاریان کردبوو. دیارە ئەوانەی بەخت یاریان نەبوو، نەیانتوانی هەر زوو دەست بەسەر ئەو بەڵگانەدا بگرن و سەرەونگومیان بکەن وەکو زۆر سیخوری تر کردیان، ئەوەشی کە بڵاوکرایەوە یان ئەوە بوو کەوتنە دەستی خەڵکانی نیشتیمانی یانیش تەیارەکانی نێو حیزبەکان خۆیان، یانیش لایەنی بەرانبەر(حیزبی ڕقبەر) هەندێکیان لێ بڵاوکردنەوە. دیارە مێژووی نۆکەریکردنی کورد بۆ دوژنمانی خۆی مێژوویەکی دێرینە، ئاوێکە کە خێڵە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانی و پێشتریش ڕشتویانەوە و ئێستاش شەهادەدار و حیزبی مۆدێرن قاچی تێدەخشێنن. کوردی باشوور نەیتوانی وەکو پێویست کەڵک لەو هەموو دیکۆمێنتە وەربگرێت بۆ تاوانبارکردنی سەرانی بەعس بەشێوەیەک کە ئەنفال و کارەساتەکانی تری کە بەسەرکوردیان هێنا، بکرێنە جینۆساید هەروەک چۆن جوولەکەکان لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کردیان و ئەڵمانیای نازیان وا لێکرد کە ئێستاش باسی کۆمەڵکوژیی جوولەکە دەکرێت ئەڵمانییەکان شەرم دەیانگرێت و خەجاڵەت دەبن.

لەو هەموو خیانەتکارانەی کورد کە بەئاشکار و بە نهێنی دژی گەلەکەی خۆیان کاریان کردووە تاکە یەک کەسیش ڕاپێچی دادگا نەکرا و بگرە زۆربەی زۆریان ژیانێکی خۆشیشیان بۆ دابین کراوەو هەندێکیان بوونتە ئەندامی باڵای نێو حیزب و حوکوومەت و پۆستی حەساسیان پێدراوە، ئەمەش بەداخەوە وا دەکات کە خیانەتکردن ببێتە کولتوورێک یانیش بووەتە بەشێک لە کولتووری کوردی. بەخشینی فایلدارەکانی نێو یەکیەتی لە پلینۆمی ئەم دواییەیاندا ئەویش بە چەپڵە لێدان و تلیلیلی بۆ فایلدارەکان وەکو ئەوەی کە هەر هیچ ڕووی نەدابێت، وەکو ئەوە وابوو تەشتێک ئاوی سارد بکەیتە بنیی دارێکەوە لە گەرمای هاویندا، دیارە نابێت هەڵوێستی ئەو خەڵکانەی کە بە دژی فایلدارەکان لە نێو هۆڵی پلینۆمدا وەستانەوە بە هێند وەربگرین، بەڵام مخابن هەموو فایلدارەکان دیسان دەبنەوە بەرپرسی ئەوان و دەبێت جارێکی تریش بچنەوە ژێر ئیتاعەیانەوە، دڵنیاشم هاکا ڕۆژنامەکان کەوتنەوە وتووێژکردن لەگەڵیاندا و لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانیان بۆ ئاواڵا دەکەن بەخۆیان و بۆینباخ و جگەرەی چرووتی لادەمیانەوە کە تەنانەت لە هۆڵەکانیشدا نایکوژێننەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەوانە کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا بۆیان نییە لە هەندێک ڕێستورانتیشدا جگەرە بکێشێن مەگەر لە ژووری تایبەتیدا.

بۆ ئەوەی نەیەڵین داری خیانەت لە نێو کوردا تا بێت شینتر بێت و خیانەت ببێت بە بەشێکی دانەبڕاو لە کولتوورمان دەبێت دەنگمان بەرزبکەینەوە بەدژی فایلدارەکانی نێو حیزب و حوکوومەت و زانکۆ و دەستگا کولتووریە ڕۆشنبیرەیەکان، دەنا ئەو سوپا سوارە حەمیدییە چەک بەدەست و قەڵەم بەدەستانەی کە کاریان پاراستنی دەستەڵاتی گەندەڵ و فایلدارانە، خیانەت و خۆفرۆشی دەکەنە بەشێکی دانەبڕاو لە کولتووری کوردیی و بگرە خیانەتکردن دەبێتە شانازیی کردن، ئاخر هێندەی چەپڵە بۆ فایلدارەکان لێدرا، نیو ئەوەندە چەپڵە بۆ شەهید و ئەنفال کراوەکان لێ نەدرا.